# ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی: فایلێکی ساختە لەلایەن هەفتەنامەی (باسەرە)ەوە!

*تاهیر ساڵح شەریف*
Taher4@msn.com

ئەمڕۆ سەعات 3ی پاش نیوەڕۆ برادەرێک پێ ی ڕاگەیاندم کە تۆیان خستۆتە ڕیزی فایل دارەکان! من پێکەنیم و وام دەزانی شۆخیم لەگەڵ دەکات. ووتی : "بۆ پێ دەکەنیت؟ برۆ کلیکی هەفتە نامەی باسەرە بکە" . کلیکم کرد و لە لاپەرە 4 دا فایلێکی ساختە لەلایەن ئەو هەفتەنامەی دەزگای پاراستن و (فەلەکە الدین)ی چلکەوخۆری بنەماڵەی بارزانی جاشەوە بۆ من دروست کراوە کە گوایە من لە ساڵی 1985 بە پوەندیم بە ئەمنی رژێمی بەعسی ئاغای بارزانی یەوە هەبووە!!!. من بەڵگە نامەی راست و دروستم لەبەر دەستدایە بۆ ساختە بوونی ئەو بەناو بەڵگەنامەیە و دروستکردنی ئەو فایلە تەزویرەی دەزگای " جاسوسی پاراستن " ی بنەماڵە رووڕەش و خیانەتکارەکەی بارزانی ، بەڵام لە بەر ئەوەی کە فایلێکی ساختەی ترم لە سەر دروست نەکەن و تا من ئەم کێشەیە لە دادگایەکدا ساغ دەکەمەوە و جەنابی (فەلەک الدینی) و کاسە لێسەکانی بەرێوەبەری ئەو هەفتەنامەیە دەکێشمە دادگایەک لە سەر ئەو تەزویر کردنە بێ ئەخلاقانەیان لە مێژووی خەباتی پڕ سەروەریمدا،(1) من بە پێویستی نازانم لێرەدا هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدەم و ئەوە دەسپێرم بەو دادگایە . پاش ئەوە ، هەموو دەبینن کە مێژووی خەباتی سیاسی من سپی و سپیتر و گەش تر دەمێنێتەوە و دروستکردنی ئەو مێژووە ساختەیش بۆ تیرۆر کردن و لە کارخستنی ئەو پێنووسەی کە چاویانی کوێر کردووە و ڕیسوای کردوون ، سەربەزتر و سەربەست تر دەمێنێتەوە.

من لە سەر ئەو تەزویرە خاوەن ئیمتیاز و سەر نووسەر و دەستەی نووسەرانی چڵکاو خۆری ئەو هەفتە نامە رووڕەشەی پاراستنی (پارتی) و بنەماڵەی بارزانی خۆفرش غیابی یەن دەکێشمە دادگاوە تا ئەوها بێ ئەخلاقانە نەتوانن جارێکی تر هەوڵی شکاندنی پێنووسە رەخنە گرەکان لە بنەماڵە بارزانی کورد فرۆش بە تەزویر و تەزویر کاری لەکەدار بکەن و لە کاریان بخەن ، جگە لەوەش من هەموو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهان و ڕێکخراوەی ڕۆژنامە نووسانی بێ سنوور لەو تەزویرە ئاگادار دەکەمەوە ، بەڵام بەرلەوە حەزدەکەم ئەوە بە بیری هەموولایەک بهێنمەوە کە من نەک بە تەوزیرە و سەدان تەزویری ساختەی تری لەو جۆرەی (بارزانی) و (تاڵەبانی) ڕیسواو کورد فرۆش و پاشەڵ پیس کۆڵ نادەم لەم ڕێگایەی کە گرتوومە ، بەڵکو ئەوە من سوور ترو بە برواتر دەکات بە هێزی فکرم و قەڵەمەکەم . ئێستا ئیتر (پارتی) و (یەکێتی) دەستیان بەمن ناگات تا تیرۆرم بکەن و پێنووسەکەم بخەنە گۆڕەوە، ئەوان دەیانەوێت بە شێوەیەکی تر من تیرۆر بکەن ، کە دڵنیایان دەکەم ئەو تەزویر کردن و فایل دروست کردنەشیان بۆمن لێ یان دەکەمە بڵقی سەر ئاو . کەسانێک کە لە مێژە من وەک مارکسیستێکی چالاک و نووسەرێکی جەماوەری چەوساوە لە نزیکەوە دەناسن ، نەک هەر گاڵتەیان بەو سیناریۆ کۆمیدی یە هەفتەننامە چڵەکاو خۆرەکەی (فەلەکە الدین)ی چڵکاوخۆری بنەماڵەی بارزانی دێت لە بارەی ئەو فایلە ساختەیەی کە (پاراستن) بۆ منی دروست کردووە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک پشتگیری خۆیان بۆ ڕیسوا کردنی ئەو هەفتە نامە بێ ڕەوشتە دەربڕیووە.

دڵنیا بن چڵکاوخۆرەکانی بارزانی کونی یە پیس !!..من سەربەرز دەمێنمەوە و ئێوەیش ڕیسوا تر دەبن بەو کارەتان. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە تری قەڵەمەکەی منە و ڕیسوایەکی زیاتر دەبێت بۆ ئێوە و مێژوویش ئەم سەرکەوتنە بۆ کەسایەتی خۆم و قەڵەمەکەم بە پرشنگداری لە ئاسمانی خەباتی سیاسی ورۆشنبیریم دا دەنووسێتەوە.

(1)من لە ڕۆژانی داهاتوودا هەموو ئەم شتانە روون دەکەمەوە، کە ئەو تەزویرنامەیەی هەفتەنامەی (باسەرە) لە ڕاستییەوە دوورە، هەمووی بە بەڵگەوە دەسەلمێنم، کە دەستگای پاراستن ئەوەی لە دژی من کردووە و دەشزانم: بۆچی؟ و کێ لە پشت ئەم کارە بێ ئەخلاقییەوەیە!

(2)سەرنجی هەموو لایەک بۆ ئەوەش ڕادەکێشم، کە من هیچ شێوەیەک پەیوەندیم بە کۆمۆنیستی کرێکاریشەوە نەبووە، بەڵکو ئەوان کاتی خۆی وەک پاراستنی پارتی پروپاگەندەی لە دژ دەکردم.



حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة فرع السليمانية
قيادة شعبة السليمانية
قيادة فرقة جوارباغ

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

استمارة تقييم المرشحين

اولا/ المعلومات العامة/
١) الاسم الثلاثي: طاهر صالح شريف
٢) تاريخ و محل الولادة: ١٩٦٥/٧/١ بنجوين
٣) القومية: كردية
٤) المهنه و العنوان الوظيفي: كاسب
٥) التحصيل الدراسي: خريج متوسطة
٦) تاريخ الارتباط: ١٩٨٥/٢/٥

ثانيا/ الجانب التنظيمي
١) مسؤولياته الحزبية في الوقت الحاضر ومدى إلتزامه: مسؤول حلقة مؤيدين
٢) مسؤولياته في الجيش الشعبي: مقاتل
٣) هل شارك في الجبهة: نعم/ قاطع حمورابي
٤) مسؤولياته المهنية: لا توجد
٥) العقوبات الحزبية خلال الدورة: لا توجد
٦) قدراته التنظيمية وقوة شخصيته في ادارة الاجتماعات والندوات: مقتدر و قوي الشـ

ثالثا/ رأي قيادة الفرقة بمنحه شرف العضوية
نوصي [illegible] منحه شرف العضوية

الرفيق

رابعا/ رأي قيادة الشعبة بمنحه شرف العضوية
نوصي بمنحه شرف العضوية

الرفيق

# ڕابردووی کۆمۆنیستێکی کرێکاری
# لە ئەرشیفی بەعس